# حوكمی خوێندنی دوو سوورەت لەپاش خوێندنی سورەتی الفاتحة لە ڕکاتی یەکەم ودووەم

[ كردي – كوردی – kurdish ]

صالح فوزان عبد الله الفوزان

**وەرگێرانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ حكم قراءة سورتين بعد الفاتحة في الركعتين الأوليين ﴾

« باللغة الكردية »

صالح بن فوزان بن عبد الله الفوزان

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

## حوکمی خوێندنی دوو سوورەت لەپاش خوێندنی سورەتی الفاتحة لە ڕکاتی یەکەم ودووەم

**پرسیار :** ئایا دروستە خوێندنی دوو سوورەت لەپاش خوێندنی سورەتی الفاتحة لە ڕکاتی یەکەم ودووەم، وە ئایا لە ڕکاتی سێهەم وچوارەمیشدا دروستە بخوێنرێت پاش سورەتی الفاتحة ؟

**وەڵام :** لەو نوێژانەی کە چوار ڕەکاتین وەك نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و عیشا لەگەڵ دوو ڕکاتی سەرەتای نوێژی مەغریب، سوننەتە کە لەپاش سورەتی الفاتحة بەئەندازەی ئەوەی بۆت دەکرێت قورئان بخوێنیت، ئەویش بەوەی تەواوی سورەتەکە بخوێنیت یان بەشێکی بخوێنیت، ئەگەر تەنها ئایەتێکیش بێت، هیچ قەیدی ناکات، بەڵام هەتا خوێندنەکە درێژتر بێت ئەوە باشترە بەتایبەتی لە نوێژە چوار ڕکاتیەکانی نیوەڕۆ وعەسر وعیشادا، بەڵام لەنوێژی مەغریبدا باشترەوایە کە قورئانی کەمتر بخوێنریت پاش سورەتی الفاتحة، خۆ ئەگەر هەندێك جاریش درێژ بکرێتەوە ئەوە سوننەتە، لەبەر ئەوەی لە پێغەمبەری خوداوە ثابت بووە کە لەنوێژی مەغریبدا ( پاش خوێندنی سورەتی الفاتحة ) سورەتی المرسلات و سورەتی الطور ی خوێندوە، وە جاری واش بووە سورەتی الاعرافی کردوە بۆ دوو بەشەوە بۆ هەردوو ڕکاتەکە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆر جار سورەتە کوورتەکانی خوێندوە پاش الفاتحة { ئیمامی بوخاری ئەمەی ڕیوایەت کردوە}.

بەڵام بەنسبەت دوو ڕكاتی كۆتای وارد نەبووە و مەشروع نیە كە پاش سورەتی الفاتحة هیچ شتێكی تر لە قورئان بخوێنریت ، ئەمەش سوننەتی پێغەمبەری خودا بووە (صلى الله عليه وسلم ) وەك قەتادە لێوەی ڕیوایەتكردوە، كە دەڵیت پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) لە دوو ڕكاتی كۆتایی نوێژە چوار ڕكاتیەكان وركاتی كۆتای لە نوێژی مەغریب هیچ شتێكی نەخوێندوە لەقوئان، بەڵكو تەنها سورەتی الفاتحەی خوێندوە {ئیمامی بوخاری ئەمەی ڕیوایەت كردوە} .

خوای گەورەش زانا ترە .

سەرچاوە : المنتقى من فتاوى فضيلة الشيخ صالح بن فوزان بن عبد الله الفوزان عضو هيئة كبار العلماء وعضو اللجنة الدائمة بالمملكة العربية السعودية بەرگی دووەم العبادات / لاپەڕە ١٢٦ .